MIRAMI
RAISING AWARENESS
*on irregular migration in Iraq*

ICMPD
International Centre for Migration Policy Development

# زانیاری دەربارەی کۆچ و هۆشیاریی لەسەر مەترسییەکانی کۆچی نایاسایی لە عێراق (MIRAMI)

پەڕەی زانیاری (factsheet)، حوزەیرانی ٢٠٢٣

## باکگراوند

دەستراگەیشتن بە زانیاری دەربارەی کۆچ بۆتە بابەتێکی زۆر گرنگ تا کۆچبەر وگەڕاوەکان بتوانن بڕیاری هۆشیارانە بدەن لەسەر ڕێڕەوی کۆچکردنیان. زۆر گرینگە کە **کەلێنەکانی زانیاری پڕ بکرێنەوە زانیاری هەڵە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆچی نایاسایی بەرپەرچبدرێنەوە.** لەوانە فاکتەرە ئابوورییەکان و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی کۆچ کە لە لایەن قاچاخچیەکان و تۆڕی بازرگانانی مرۆڤ بڵاوی دەکرێنەوە، وە ڕێنمایکردنی تاکەکان دەربارەی کۆچی یاسایی. تا دڵنیابین لەوەی کە کۆچبەران و گەڕاوەکان زانیاری پێویستیان هەیە بۆ بڕیاردانی هۆشیارانە.

پرۆژەی MIRAMI لەلایەن **یەکێتی ئەورووپاوە** پاڵپشتی دارایی دەکرێت و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی نەمسا و وەزارەتی ناوخۆی بولگاریا و وەزارەتی دەرەوەی فینلاند و وەزارەتی کۆچبەریی و پەنابەرانی یۆنان و نووسینگەی فیدراڵی کۆچ و پەنابەرانی ئەڵمانیا. ئەم پرۆژەیە پشت بە ئەزموونی بەرچاو و سەرنجراکێشی ICMPD دەبەستێت کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا پەیداکردووە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی کۆچی نایاسایی لە عێراق.

| | |
|---|---|
| **کۆمەکبەخش** | یەکێتی ئەوروپا (AMIF) |
| **هاوکاری دارایی زیاتر و هاوبەشی جێبەجێکردن** | وەزارەتی ناوخۆ، نەمسا<br>وەزارەتی ناوخۆ، بولگاریا<br>وەزارەتی دەرەوە لە فینلاند<br>وەزارەتی کۆچ و پەنابەریی یۆنان<br>نووسینگەی فیدراڵی کۆچ و پەنابەرانی ئەڵمانیا |
| **جێبەجێکار** | ICMPD |
| **ماوە** | ئایاری ٢٠٢٣ – نیسانی ٢٠٢٥ |
| **ئامانجی گشتی** | بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کاریگەریکردن لەسەر تێڕوانین و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە نیازی کۆچکردنای هەیە و گەڕاوەکانی عێراق کە بیر لە ڕێگا نایاساییەکان دەکەنوە بۆ ئەروپا وە هەروها کاریگەری لەسەر بڕیارەکانیان |

هەروەها چالاکی بەرزکرنەوەی هۆشیاری لە وڵاتەکە دەکاتە ئامانج بۆ **پێشکەشکردنی زانیاری و ڕێنمایی متمانەپێکراو و گشتگیر دەربارەی هەموو لایەنەکانی کۆچکردن** و بۆ ئەو کەسانەی کۆچ دەکەن وە هەروەها گەڕاوەکانی عێراق.

MIRAMI لە عێراق لە لایە ن ICMPD وەوە جێبە جێ دە کرێت و کارو چالاکییەکانی پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی بە سەنتەری ڕاوێژکاری کۆچ (MRC) دەبەسترێتەوە، کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە بەغدا بە هاوکاری یەکێتی ئەوروپا و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (MOLSA) دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی MRC بەرزکردنەوەی هۆشیارییە دەربارەی مەترسی و دەرئەنجامەکانی کۆچی نایاسایی و پێدانی زانیارییە لەسەر ڕێگا یاساییەکانی بەردەم کۆچبەرانی عێراقی و دابینکردنی ڕاوێژکارییە بۆ گەڕاوەکان دەربارەی ڕێوشوێنەکانی دووبارە تێکەڵبوونەوەیان بە کۆمەڵگا لە ڕێگای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پرۆگرامەکانی ترەوە، هەروەها پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ئامۆژگارییە بۆ کرێکارانی بیانی کە لە عێراق کار دەکەن.

## ئامانجەکان

**بەشداریکردن لە گۆڕینی تێڕوانین و هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی کە نیازی کۆچکردنیان هەیە لە عێراقەوە بۆ ئەوروپا بە شێوەیەکی نایاسایی وە هەروەها ئەو کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کۆچبەرەکان هەیە وەکو ( ئەندامانی خێزان، هاوڕێ، ڕێبەرانی کۆمەڵگا، گەڕاوەکان، کەرتی تایبەت، میدیا و مامۆستایان).**

ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە هاوڵاتی عێراقی بتوانێت بڕیارێکی هۆشیارانە بدات سەبارەت بە ڕێڕەوی کۆچکردنیان و هەروەها ئاشنابوونیان بە دەرفەتەکانی تێکەڵبوونەوەیان بە کۆمەڵگا پاش گەڕانەوە و دڵنیابوون لەوەی کە هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بەدیدێت لە ئاستی زانیاری و هەڵوێست و نیازەکانیان سەبارەت بە کۆچکردن.

پڕۆژەکە بەشدای دەکات لە: (١) زیادبوونی کۆچی یاسایی و سەلامەت لە عێراقەوە، (٢) کەمکردنەوەی کۆچی نایاسایی لە عێراقەوە بۆ یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی تر و (٣) باشترکردنی دەستگەیشتن بە زانیاری و خزمەتگوزارییەکانی تێکەڵبوونەوە بە کۆمەڵگا بۆ گەڕاوەکان.

## چالاکی

تێگەیشتن لەوەی کە زانیاری کاریگەر و هەڵمەتی هۆشیاری کاریگەر لەسەر بنەمای پاشخانی تویژینەوە بنیاتنراون، پڕۆژەکە سەرەتا شیکاریی سەرەتایی ئەنجام دەدات لەسەر پێداویستیەکانی  ئەو کەسانەی نیازی کۆچکردنیان هەیە بەشێوەیەکی نایاساى و نیازی کۆچکردن و فاکتەرەکانی هاندان بۆ کۆچکردن، پرۆسەی بڕیاردانیان، ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانیان هەیە بۆ کۆچکردن،  هەروەها ئەو لایەنە سەرەکیانەی کە گاریگەریان هەیە لەسەر بڕیاردانیان و کەناڵەکانی دەستگەیشتن پێیان.

دوای بەدواداچوون بە دەرئەنجامەکانی شیکارییە سەرەتاییەکان و ئەو وانانەی کە لە ئەزموونی کرداری ICMPD لە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆچبەران لە عێراق و بەشێوەیەکی فراوانتر، ڕێگای ئاوریشم لە ڕێگەی «سەنتەری ڕاوێژکاری کۆچ» وەرگیراون، ئەو زانیاریانەی لە ڕێگەی توێژینەوەکەوە بەدەست هێنراون دیزاینی هەڵمەتەکە دەکەن و ئەو پەیامانەش کە بڵاو دەکرێنەوە پێشتر تاقیکراونەتەوە و پشتڕاستکراون لەوەی  کە لەگەڵ ناوەڕۆکی نێوخۆیی دەگونجێن.

پڕۆژەی MIRAMI سێ ئاستی هەڵمەتی هۆشیاری لە عێراق بەکاردەهێنێت: بە ڕاگەیاندنی میدیایی بەربڵاو و بە چوونە ناو کۆمەڵگا  و بە ڕاوێژکاری کەسی. بەم شێوازە پرۆژەکە ڕێبازێکی ڕەفتاری کەسی بەکاردێنێت لە ڕێگای چوونە ناو کۆمەڵگا وە ڕاوێژکاری کەسی، بۆ بە ئامانجگرتنی هەردوو لایەنەکان، هەم ئەو کەسانەی  کە نیازی کۆچکردنیان هەیە، هەم ئەو کەسانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کۆچکردن هەیە، وە هەروەها گەڕاوەکانیش.

بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی  پڕۆژەکە، ، پرۆژەکە تۆڕی پەیوەندی و پلاتفۆرم بۆ لایەنە پەیوەندیدارە جیاجیاکان « دادەمەزرێنێت،  وە بەرەوپێشبردنی تواناکانیان دەربارەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری. ئەمەش هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراقی و لایەنەکانی تری حکومەتە خۆجێییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، خۆبەخشە گەنجەکان و میدیا ناوخۆییەکان دەکرێت.

## دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان

### دەرئەنجامی گشتی

- زیادبوونی کۆچی سەلامەت و یاسایی لە عێراقەوە. کەمکردنەوەی کۆچی نایاساى لە عێراقەوە بۆ یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی تر. باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری  خزمەتگوزارییەکانی تێکەڵبوونەوەی گەڕاوەکان بە کۆمەڵگاکانیان.

### لەژێر شیکاری ئامادەکارییدا

- زانیاری پشتڕاستکراو بە ئەزموون و بەڵگە لەسەر تێڕوانین و هەڵسوکەوت و بۆچوونی ئەو کەسانەی نیازی کۆچکردنیان هەیە و گەڕاوەکان عێراقییەکان، کە نیازی کۆچکردنیان هەیە بۆ ئەوروپا بەشێوەیەکی نایاساى.
- زیادکردنی ئاستی گەیشتن بە گەڕاوەکان و ئەو کەسانەی کە نیازی کۆچکردنیان هەیە بە دیاریکردنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بۆ کرووپە بە ئامانجکراوەکانی هەڵمەتەکە.
- کاریگەری ئەرێنی دەربارەی  ئاستی زانیاری و هەڵوێستی کۆچبەران و گەڕاوە عێراقییەکان لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی ئەزموونی بەهێزەوە چالاکییەکانی گەیشتن بە گرووپە بە ئامانجکراوەکە ڕێکدەخرێن.

### لە ژێر هە ڵمە تی زانیاری و بەرزکردنەوەی هۆشیارکردنە وە دا

- گۆڕانکاری دەربارەی زانیاری و هەڵوێست و مەبەستی ئەو کەسانەی کە نیازی کۆچکردنیان هەیە و گەڕاوەکان سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی کۆچی یاسایی و نایاساى و تێکەڵکردنەوەیان بە کۆمەڵگا و جوڵەی کۆچبەران بۆ دەرەوەی عێراق.
- زیادکردنی گەیشتن بەو کەسانەی کە نیازی کۆچکردنیان هەیە و گەڕاوەکان سەبارەت بە کۆچکردن و تێکەڵکردنەوەیان لە ڕێگەی هەڵمەتی ڕاوێژکاری و خزمەتگوزارییەکانی تری ڕاوێژکاری.
- بەرزکردنەوەی توانای لایەنە پەیوەندیدارەکانی کە لە بواری کۆچ کاردەکەن بە ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری و بڵاوکردنەوەی زانیاری، هەروەها لە دیزاینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ڕاوێژکارییەکان.


**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە**

خاتوو هینا مە قسود
بەڕێوەبەری پرۆژە - MRCs لە عێراق

hina.maqsood@icmpd.org



Funded by the European Union

Implemented by

ICMPD International Centre for Migration Policy Development

Co-funded and implemented by Austria, Bulgaria, Finland, Germany and Greece

Federal Ministry Republic of Austria Interior

Ministry for Foreign Affairs of Finland

Federal Office for Migration and Refugees

HELLENIC REPUBLIC Ministry of Migration & Asylum